www.kurdistannet.org
1-8-2003 0:59

# ڕا پرسی (ڕیفراندۆم)

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ لەم ڕۆژانەدا باس و خواسێکی زۆر گەرم لەسەر ڕاگەیاندنەگانەکانی کوردی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دا گەرمەو گەلیێ باس و خواس لە بارەی رفراندۆم واتە ڕا پرسی بە گەلی کورد لە بارەی بڕیاری مافی چارە نوسەوە بۆ خودی گەلی کورد دەکرێت، ڕاستە کە ڕفراندۆم واتە پرسکردن بە تەواوی جەماوەری خەلك شتێکی تا بلێی پیرۆز و دیموکراتیانەیە، هەروەك ئەم ڕا پرسیە هەمیشە لە ناو میللەتانی جیهان دا ئەنجام دراوەو ئەنجام دەدرێت و بۆ دیاری کردنی زۆربەی کێشەکانی نێوان میللەتانە، ئەمەش کارێکی هەتا بلێی پیرۆز و گەورەیە بە تایبەتی لە بارەی ڕای چارەنوس سازەکانەوە کە دەبێ ڕاپرسی گشتی بکرێت لە ناو میللەتان دا، ئەمڕۆ کە گەلی کوردیش لە ڕۆژگارێکی سەرنویشت سازدا دەژیت و هەلێکی زۆر مەزن و پیرۆزی بۆ هەل کەوتووە و هەموو کەسێکیش ئەوە چاك دەزانێ کە ئەم هەلەگەورەیە بە هۆی یارمەتی دانی زل هێزەکانەو بە نەمانی دکتاتۆرەکەی عێراقە کە ئەمڕۆ لە کوردستان وەدی هاتووە و گەلی کورد بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی لەدەست ئەو مرۆ کوژە دکتاتۆرە ڕزگارییان بوو، هەر وەکو کە پێم وایە رفراندۆم کارێکی زۆر زۆر باشە، بۆ ئەوەی ڕای گشتی کورد بەخەلکانی جیهان ڕابگەیەندرێ و باش بزانن کە گەلی کورد چی دەوێت، بەلام بەبۆچونی من کێشەی کورد لێرە دایە نیە کە کورد چی دەوێت، گەلی کورد هەروەك خەسلەتی خۆیەتی کە لە ناو دل و دەروونی ڕاستەقینەیەوە سەربەخۆیی کوردو کوردستانی دەوێت و هەموو کوردێك دەیەوێ کە وەلاتێکی سەر بەخۆی هەبێت و کوردستانیش وەك هەموو وەلاتانی جیهان ئالا شەکاوەکەی لە تەك ئالای جیهان دا لە بارەگای نەتەوە یەك گرتوەکان دا بشەکێتەوەو کوردیش بۆ خۆی خۆی و نیشتمانی خۆی بە ڕێوە ببات و بۆ هەتا هەتایە لە ژێر بەندو بالۆرەی داگیرکەران و دوژمنانی کوردو کوردستان رزگاریمان ببێ، هەر لەو دەمانەوە کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد سەری هەلداوە دوژمنانی کورد هەمیشە بە هێز بووینەو گەلی کوردیش بە بێ پشت و پەناو بەرگری لێ کردن لە لایەن زلهێزان و تەواوی جیهانیان بووە، لە دوای ئەو هەموو داسەپادنی جنایەت و کوشت و کوشتار بە سەر گەلی کورد دا تەنیا لە بەر ئەوەی کە داوای مافی ژیانی خۆی کردووە کە بە ئازادی لە نیشتمانی خۆی دا بژیت و نەچەوسێتەوەو خاکی خاپورو وێران نەکریت و رۆلەکانی لەژێر چنگی دڕندەکان دا تەپەسەرو شەهیدو لە ناو نەبرێت و کوردیش ئازادو ڕەها بژیت، بەلام بە داخەوە کە لەم جیهانەدا نەمان دی کەسێ لایەنگراتی لە گەلی کورد بکات و ببێ بە هۆکاری سەرکەوتنی کوردو کوردستان و ئەوانەی کە دۆلی برایەتیشیان بۆ لێ دەدەین لە هەموان خراپتر بوونە بۆ دژایەتی گەلی کورد، ئەوەی کە لە ڕابوردو دیمان تەنیا چەواشە کردن و لە پشت ڕا خەنجەر لێدان و توش بە کارەسات و نەهامەتیەکانی کورد و کوردستان بوو، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی دۆست و هاوکارو یارمەتی دەرانی کورد لە ناو جیهان دا. من هەروەك گوتم ڕیفراندۆم کارێکی زۆر پیرۆزە و دەبێ بکرێت، بەلام گریمان ڕفراندۆم ئەنجام دراو پێشم وایە ڕای هەموو کورد بۆ پرسی چیت دەوێ بۆ کوردستان؟وەلامی سەر بەخۆیی و بوونی وەلاتێکی کوردەواریە، بەلام کێ ئەم داوایەی کورد جێ بەجێ دەکات، داوا کردنی وەلاتێکی کوردەواری هەر ئەوەندە هاسان نیە کە کورد بتوانی وەك زۆر لە گەلانی جیهان دا بە ڕفراندۆمێ کە خودی کورد بۆ خۆی بڕیاری لە سەر دابێت و بۆی بلوێت کە داواکەی وەدی بێ، چەند باشتر دەبوو کە جیهانیان و نەتەوە یەکگرتوەکان هاتبان و ڕاپرسیان بەگەلی کورد کردبایە بۆ دان نان بەداوا ڕەواکانی گەلی کوردو هاوکاری گەلی کوردیان کردبایە و سەرەنجامەکانی ریفراندۆمیان جێ بەجێ کردبایە و گەلی کوردیش ببا بە خاوەن قەوارەیەکی میللی خۆی و چیتر توشی بەو هەموو حەسرەت و میحنەتانەی ڕابوردوی نەبێتەوە، یان زلهێزەکانی ئەمڕۆ کە دەستیان دەڕوات و کە نیازی گۆڕینی تەنانەت نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوینیشیان هەیەو گوێیان لە سەرەنجامی ڕاپرسی گەلی کورد بگرتبایە تاداخوازیە ڕەواکەی خۆی بۆ بێتە دی و هاوکارو یارمەتی دەرمان بن، من پێم وایە بێ راپرسی ئەم داوایە داوای هەموو کوردێکە ئەگەر بۆی بلوێت ببێ بە خاوەن وەلاتێکی سەر بەخۆی کوردەواری بەلام چۆن؟زۆر جار مرۆ بیر لە هەندێ شت دەکاتەوەدەلێت گەلۆ ئەم هەموو ڕاگەیاندنانە لە بارەی ڕفراندۆمەوە دەبێ ئامانجی سەرەکی بۆ ڕزگار بونی گەلی کوردی بێت یان بۆ خۆ خافلاندن ودروست کردنی گیرو گرفتەکانی تربیًت لە کوردستان دا، ئەم کارە پیرۆز و گرنگە دەبێ هەموو مەرجەکانی سەرەنجامەکەی تیادا زۆر بە ڕونی ڕەچاو کرابێت و کورد لە کاتی گوتنی بەلێ بۆ وەلاتێکی سەر بەخۆیی بۆی بلوێت و داواکەی بێتە دی و جیهانیان دان بە وەلاتێکی کوردی بنێن و تەواوی زەمینەکانی بوونە وەلات ئامادە کرا بێت و دۆستانمان هاوکارمان بن و نەك بە

گژمان بێنەوە و گرفتەکانمان زێتر بەکەن و دیسانەکە کارەساتەکانمان بۆ دروست ببێتەوە، ئەمڕۆ لە عێراقدا ئەو حاکمەی کە فەرمان ڕەوایی لە بەغداوە دەکات خاوەنی هەموو بڕیارو هەول و بۆچونێکە لە عێراق و لە کوردستانیش دا، خۆ ئەگەر ئەوان نەبن ئەوا ئێمە دیسان دەکەوینەوە ژیر زەبرو زەنگی داگیرکەران و لە هەموو لایەکەوە بۆ داوا کردنی ئۆتۆنۆمیش هەر بە گژمان دا دینەوە نەك داوا کردنی وەلاتێکی سەر بەخۆی کوردەواری، من پێم وایە کورد ئەمڕۆ دەبیٚ پێش هەموو شتیٚ دۆستایەیی خۆی لە گەل ئەو زلهێزانەی کە لە کوردستانن هەر پتەو بکات و زۆر زۆریش وریای پیلانگێڕان و دەسیسەو سەرنەکەوتنی هەستی کردنە دوژمنی کورد بەو زلهێزانەوە بێـت کە ئەمڕۆ لە کوردستانن، وەپێم وایە کورد هەر لە مێژە هەست و بیرو یۆچون و هەموو هەنگاوێکی بۆ کوردو کورستان بووە، وەلاتێکی کوردەواری هیوا و مەبەستی هەموو کوردێك بووە، بەلام پێم وایە ژیرایەتی زیاتر لەوە دایە کە مرۆ بەردێك هەل بگرێت وبتوانیٚ ئامانجەکەی پیٚ بپێکیٚ و نەك هەلی بگرێت و پشـــــــتی خۆی پیٚ بشکێنیٚ

دەبی کورد گەلیٚ وریا بێت کە ئەم هەلەی ئەمڕۆ لە دەست نەدات و پێشم وایە ئەمڕۆ کێشەی کورد راپرس کردن نیە بە کورد، دەبیٚ لەو بارەوە بۆ بڕیاری وەلاتێکی کوردەواری ڕاپرسی بە جیهانیان بکرێت ئایە لە گەل دەولەتیکی کوردین و دانمان پیا دەنێن یان پشتمان تیٚ دەکەن و دیسان دەمانخەنەوە زاری حوتەکانەوە، گەلی کورد دەبیٚ وریا بێت وریا وریا، گەلیٚ لە بەندو داوو پڕوپاگەندەکان کە دەکرێن دیارن کەدیسان بۆ چەواشە کردنەوەی گەلی کوردە نەك چوون بەرەو ئامانجەکای پیرۆزی کوردستان، من دەلێم سبەی ئەگەر ڕاپرسی لە کوردستان کرا و دەشزانم زۆربەی هەرە زۆری کورد بۆ سەربەخۆیی دەلیٚ بەلیٚ، بەلام ئایا لەم جیهانەدا وەلاتانیٚ ئامادە کراون کە ئەوانیش بلێن بەلیٚ و دان بە کوردستانێکی سەربەخۆ و وەلاتێکی کوردەواری دابنێن، یاخێر؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.